# کەی یەك دەگرین ؟؟؟!!!!

هەورۆکە ئێمەی کورد بە هەر هۆیەکەوە بێت، پەرەوازەی زۆربەی ولاّتانی جیهان بووین. هەرکۆمەلێکمان ڕەشماڵی ئاواریمان لە سوچێکدا هەڵداوە. دلّنیاشم زۆربەمان بەو ئاواتەوە دەژین کە ڕۆژێ لەڕۆژان ڕەشماڵەکەمان بەجێبهێڵین و بە خاك و نەتەوەکەمان شاگەشکە بین.
ئێمەی ئاوارەی کورد ئێستاکە لە ژیانێکی ئاسایشدا گوزەران دەکەین و لە زۆر رووەوە پێویستیەکانمان دابین کراوە. وەك پەنابەرێك مافمان پێدراوە لەم ولاّتانەدا گوزەران بکەین. لەبەر ئەوە ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکی پەنابەرە بەگوێرەی توانایی خۆی درێخی لەوکارانە نەکات کەلەدەستی دێت بۆ خاك و نەتەوەکەی.
خەباتی ئێمە لەهەندەران هەرچیەك بێت هەرگیز ناگاتە ڕیزی خەباتی منداڵێك لە ولاّت کەڕوبەڕوی ئازار و برسێتی نائارامی و ڕەو دەبێتەوە. بەداخێکی گرانەوە ئێمە ڕۆژێك لە ڕۆژان بیرمان لەوەنەکردۆتەوە کەچۆن ڕوومان بێ لەئاستی جەماوەری زوڵم لێکراوی ئازار دیدەی بەجێهێڵراوداسەر هەڵبرین لەکاتێکدا دەیان جاران لەوان گوزەرانمان باشترە. بەینی خۆشمان بێ هێدی هێدی دەبینە بنێشتە خۆشەی ژێردانیان.
کەمتەرخەمی و بەهانەی هیچ بۆتە پیشەمان، بەڕاستی شەرمەزاریە ئێمەی خاوەن میللەتێکیزوڵم لێکراوی وەك کورد کەلە خاکی خۆماندا هیچ مافێکی ژیانمان پێ ڕەوا نابینرێت لە ئاوارەیشدا نەتوانین یەك بین و پێکەوە وەك کورد کاربکەین بۆ خزمەتکردنی کێشەکەمان و گوێزانەوەی بۆ ناو شەقامەکانی ئەوروپا و ولاّتانی تری جیهان. ئەم یەك نەبوونەشمان دیارە بۆ نزمی ئاستی هوشیاری زۆربەی زۆرمان دەگەڕێتەوە.
ئێمەی کورد بەشی زۆرمان هەمیشە لەڕوانگەی تەسکی حیزبایەتیوە سەیری کێشەکان دەکەین. سالاّنێکی زۆرە کورد وەك پەنابەر لە هەندەران دەژی. بەلاّم بەگوێرەی پێویست کۆشش بۆخستنە ڕووی کێشەکەمان نەکراوە، و هەوڵێکی واش نەدراوە کەبتوانرێت ڕای گشتی جیهانی بۆ خۆمان ڕابکێشین و کێشەکەمان لەناوخۆ دەربهێن و وەك کێشەیەکی سەرتاسەری لە دنیایی بگەیەنین. ئەگەر هەوڵێکیش درابێت ئەوا خەلکانێکی کەم بەتەواوەتی بەوکارە هەڵساون.
کۆمەلگای کورد لەدەرەوەی ولاّت هێندە لەیەك دابراوە کەیەکگرتنەوەی هێندە ئاسان نیە. هەرگیز نەیتوانیوە سود لە ئەزمون و تاقیکردنەوەکانی میللەتانی تر وەربگرێت. بۆنمونە جولەکەکان لە ئەوروپا و جیهاندا سواڵیان دەکرد، یەکیان گرت، هەوڵیاندا، هەتاکو توانیان ئیسرائیلێکی ئازاد و پێشکەوتو دروستبکەن.
بەلاّم کوردەکان نەك هەر سواڵیان نەکرد و هەوڵیان نەداوە بۆ دروستکرنی کوردستانێکی ئازاد و پێشکەوتو، بەڵکو ئەو خێرەشی لەلایەن خێرخوازانی جیهانەوە پێیان بەخشراوە، بۆبەرژەوەندی تایبەتی خۆیان سودیان لێ وەرگرتووە.
سەرراستانە ئەو ئامانەتەیان بە میللەتەکەمان نەگەیاندووە.
سەیر نیە ئەگەر بلێین لە خۆپشاندانێکدا دژی داگیرکەرانی خاکەکەمان، لە سەدا نەوەدو نۆی کورد بەشدار نابێت. یان هێشتا نەتوانراوە ڕێکخراوێکی سەرتاسەری ڕێك و پێك دروست بکرێ ، کەکوردەکان بتوانن هەموویان تیایدا کۆببنەوە، وە هێشتا کورد نەیتوانیوە بوونی خۆی لەم ولاّتانەدا بە شێوەیەکی یاسایی وەك کۆمەلگایەك (جالیە) بسەپێنێت. لە ولاّتانەی تیدا دەژین هەر ڕۆژەی کۆمەڵە خەلکێك پەیوەندی بەم حوکمەتانەوە دەکات و بەناوی کۆمەلگای کوردەوە لەگەڵیان دەدوێ. سەریان لەم حوکمەتانەش تێکداوە نازانن کام کۆمەڵە بەتەواوەتی نوێنەری کۆمەلگای کوردانە.
زۆر سەیرە ئەوەی دەیبینیت لە هەندەران تەنها کۆمەلگای کوردانە بێ سەروبەرە و هیچ جوڵەیەکی ئەوتۆی لە چاو میللەتەکانی تری ئاوارەی ئەم ولاّتانە تیدا نیە. لەهەموو بوارەکاندا کەمتەرخەمی و دواکەوتنمان پێوە دیارە. بۆنمونە بەدەگمەن لە هەندەران خەلکانێکی بازرگان و دەوڵەمەندی کورد هەیە، نابینیت کوردێك خاوەن کارگەیەکی گەورەو سەرمایەدار بێت، یان بەدەگمەن قوتابیانی خوێندنی بالاّ بەدی دەکرێت. تەنانەت لەڕووی سیاسیشەوە پارتە کوردیەکان جگە لەهەندێکیان نەیان توانیوە وەك پێویست چالاکی سیاسی خۆیان بنوێنن. من نامەوێت هەرچی کراوە بیسرمەوە و گرنگی بۆ دانەنێم، بەلاّم دڵنیام گەر هەوڵی ڕاستەقینە بدرێت زۆر زۆر لەوەی کە ئەنجام دراوە، دەبوایە ئەنجام بدرێ.

عومەر فارس
هۆڵەندا